# ڕێهەند



Handren88@hotmail.com

لە دوورەوە
لەگەڵ فڕینی پەپڤە سەوزەکان
بۆ مێرگە تازەکانی خەیاڵ
هەموو بەیانیەك
تام و بۆنی کافێ
تێکەڵ بە لێوەکانت ئەکەم
لێوەکانی منیش
بە شەونمی گیا خاوی دەراو روحت
پڕم ئەکەن لە تۆ
تۆ کە دەریایەك نیت
کەنارێك نێوانمان بکات و
جگە لە من
کەسیتر بتوانێت لە ناوتدا مەلە بکات
تۆ کە نازی کچێنی خۆت
بە کۆڵانەکانی ئارەزوومدا تێپەڕ ئەکەیت
جگە لە من
کەسێکیتر نیە
هێلکە رێی خەونەکانت بپێتێنێ
هەر هەندە هەند
بە سواری سپێرمی خۆشەویستیت

ڕێهەندی ئاوێتە بوون
ئەکا بە مانا نوێکانی ژیان
تۆ
ئەی تۆ
تۆ هەر لە دوورەوە
بە رەنگی لێوەکانت
ژوورەکەت پڕئەکەیت لەو ماچانەی
بەبێ تۆ
لێرە ئۆقرە ناگرن
ئەو ماچانەی
خێراتر لە زەنگی تەلەفۆن
ئەگەنە لات
تۆ
ئەی تۆ
تۆ
هەموو رۆژێك
هیلاکیم ئەشۆیتەوە و
بەسەر باڵی ووشەکانت
ئەمبەیتەوە ماڵی ئەو رۆژانەی
لە چاوەڕوانی تۆدا
لە ناویاندا نەئەگیرسامەوە
ئەو رۆژانە
چرکەکانی بە چاوانی تۆ بۆ ئەژماردم و
ساتەکانی
بە ناو مندا بڵاو ئەکرد
زەمەنی خۆزگەکان بەڕێوەیە
بەڕێوەیە
لەگەڵ کاروانی خەونەکانم
غەریبی تۆ
لە هیچ جێیەك ناموەستێنێ
بۆنی باوەشی تۆ گەیشتۆتە لام
چاوەکانیشت
لەسەر رێگای گەڕانەوەم هەڵگیرساون
بەر لە جەستەم
روحم ئەگاتە لات
بەر لە چاوم
بینین
بەر لە زمان

شعر
بەر لە لێوەکانم
ختوکەی ماچ
بەر لە هەناسەم
ئەو دڵەی شاهانە لەناویدا ئەژی
کە دێمەوە
دیاریەکانم
ئەو باخچانەن
بەیەکەوە نەمامی هیواکانمان تیا ئەڕواندن
ملوانکەی ماچەکانم و
بە با دانی
خەمە نەزۆکەکان

**هەندرێن حەمەدەمین**
**٢ی ١١ی ٢٠٠٨**